# کۆمەکمکە ،
# بەدڵێك ... پڕ لەمۆسیقا !

***هێمن حمه جزا***

کۆمەکمکە ... ئەی دڵ !
کۆمەکمکە ... ئەی تەنهایی !
من کەون بووی ..،
ناو زەغرەفەی ئەم شارە پەرتەم ،
کۆمەکمکە !
کۆمەکمکە ،
بەدڵێك ... پڕ لەمۆسیقا !
کۆمەکمکە ،
بەباخێك پڕ لەجریووە !
لەسکێچی ئەو دارستانەدا دەرمبهێنە ،
کەشەوانە ..،
بەدەم وڕێنەو
خەیاڵێکی تەنکەوە ،
دەڕواتە دەرەوەی شارو
دەرەوەی سەوزی و
دەرەوەی بینین و
هەندێ جاریش ،
داڵغەشی ... پڕیەتی لەباران !
کۆمەکمکەو
بەناو خەیاڵی مزری سێوێکا بمبە ،
تا ئەوپەڕی زەردبوون و ... گەینی !
لەتەنیشت گۆمێکەوە دامنیشێنە ،
کەهەموو جارنا ..،
جارنا جارێك ،

پۆلێك كۆتر دێن و
وەك شتێ ..،
بڵێ ی بۆ یادگاری ڕۆژانی پیرییان بوێ ،
بەكۆمەڵ و
تاك تاك ،
ڕەسمێك دەگرن !
كوچە بەكوچە ،
پیاسەم پێبكەو
ئەو ڕەنگانەم نیشان بدە ،
كەڕۆژانە لەخۆر بزر دەبن و
لەناخەوە ..،
هەست بەتەنهاییەكی كوشندە ئەكەن !
هێلانەی ئەو لەقلەقانەم بۆداگرە ،
كەفڕینی تیا پاشەكەوت دەكەن ... بۆ پیری !
كۆمەكمكەو
لەناو تەپوتۆزو
لەناو ژاوەژاوی ..،
ئەم ماڵە بریندارەدا ... دەرمبهێنە !
كۆمەكمكەو
ژورێكم بۆ پڕكە ،
لەقسەو
لەدوعاو
لە پێكەنین ..،
بەیادی ڕۆژانێك ،
كەمردن ..،
سەربەماڵی ،
گەنجی و
خەیاڵ و
تەنهایما ... ئەكا !
سەرم بنوسێنە بەدڵی كوكوختییەكەوە ،

کەخەریکە ،
لەتینواو
لەترسا ..،
فڕینی بیر ئەچێتەوە !
دابەشمکە ..،
بەسەر لەشکرێك مێروولەدا ،
کەمەستی و
کەعەشق ،
لەشارەکانیان ... تەوەللای کردوون !
پەلکێشی ناو باخێك هەنارمکەو ،
ئاشنامکە ..،
بەشیرینە نوێژێکی عەسرانیان
ئەو دەمەی ،
قەرزی بەرماڵێك ... لەگیا ئەکەن !
میقاتمکە ..،
لەسەر فڕینی چۆلەکەیەك
کەوەك عادەتی هەمیشەیی ،
بەیانیان بەتەنها پیاسە ئەکاو
بەدەم گۆرانییەوە ،
فڕینی پڕئەکا ... لەگریان !
کۆمەکمکە !
کۆمەکمکەو
دوورم خەرەوە ،
لەهەراو زەنای ..،
ئەم شارە دارشەق بەدەستە !
من کەخوساوەی ،
ژێر بارانی ئەم کۆڵانە پڕ لەگلەییەم !
کۆمەکمکە ،
بەئینجانەیەك ... پڕ لە پێکەنین !
کۆمەکمکە ،

بەدەستێك ... پڕ لەنزا !
كۆمەكمكەو ،
دڵم پڕكە ... لەباخێك ،
پڕ لەفڕین و
پڕ لەئومێد !
خەیاڵم پڕكە ... لەڕێیەك ،
پڕ لەسەوزایی و
پڕ لەبینین !
كۆمەكمكەو ،
ژوورم پڕكە ...،
لەتریفەو
لەسەما !
ماڵم پڕكە ...،
لەعەشق و
لەخۆر !
كۆمەكمكەو ،
كۆڵانم بۆ پڕكە ...،
لەیادەوەری ئەو دەمەی ،
تێكڕاو بەتۆپەڵ ...
پێكەوە دەچوین ،
بۆ مەكتەب و
بۆ سەیران و
بۆ چەرخ وفەلەك !
شارم بۆ پڕكە ...،
لەو ( با ) یانەی ...
كەدڵی ڕەشی قەلەباچكەكان ،
پڕ دەكەن ...،
لەحەرفی سپی و
عەشقی سپی و
سەفەری سپی !

کۆمەکمکەو ،
دڵم بەتەنافی ئەو گۆرانییانەوە لێکەرەوە ،
کە پڕیەتی ..،
لەبێدەنگی و
لە نەوتن !
ئاخر ... من دەمەوێ بڕۆم !
دەڕۆم و شایەت ..،
کەسێك نەبێ ،
دڵی ختورە بکا !
ماڵێك نەبێ ،
دڵی دەرگاکانی ،
بەوەهمی چاوەڕوانییەکەوە داخات !
کۆڵانێك نەبێ ،
دڵی پڕکات ،
لەخەبەری گەڕانەوەو
خەیاڵیشی ..،
دوراو دوور ،
بەدومدا بنێرێ !
شارێك نەبێ ،
ڕۆیشتنم ئەزبەرکا ، بەڕێگاکانی و
پێیان بڵێ :
ئەی شەقامی تەنهایی ،
لەم دۆزەخی سەر زەمینە !
مەلوول دامەنیشن !!
هاکا ... عەسرێك لەناوەخت ،
بەخۆیی و ... دەسکێك ڕیحانەو
زەمیلەیەك مێخەکەوە !
بەخۆیی و ... پڕ جانتایەك گولاوو
پڕ دەستێك بارانەوە !
بەخۆیی و ... دڵێکی شکاوەوە !

خۆیکردەوە ...،
بەنێو یادەوەری و
بەنێو خەیاڵمانا !!
دەڕۆم و
دڵم چون ،
دوو باڵی شکاوە ... بۆ فڕین و
خەیاڵیشم ...،
سەوڵێکی بریندار !
دەڕۆم و
شتێکی دی شك نابەم ،
بۆ تەواوبوونی ئەم سەفەرە !
دڵم ئەڵێ :
لەکۆتایی ئەم فڕینە ،
دەگەیتە ئەستێرەیەك ...
کەبەخەتێکی ناڕێکی منالآنە ،
لەسەری نوسراوە ...،
بەخێرهاتیت ،
ئەی ... هەڵهاتوترین موسافیری دڵشکاوی ، سەر زەمین !
بەشینایی ئەم ئاسمانەوە !!
تۆ ... کاتێك دێیت !
ماڵم ، گەورەتر دەکەیت !
دڵم ، پڕدەکەیت لەگەشانەوەو
ئاوێنەشم ... پڕ لەنور !
تۆ ... کاتێك دێیت !
ماڵم پڕدەکەیت ...،
لەبۆنی کردنەوەی دەرگایەك
ئەو وەختەی دەکرێتەوە ،
بەڕووی خاڵخاڵۆکەیەکا !
لەبۆنی ورتە ورتی کەسێك
ئەو وەختەی دڵی خۆشە ،

بەنوسینی شیعرێك و
بەخواردنی لەتێك سێوو
بەنیشتنەوەی پە پوولەیەك ،
لەسەر كورسییەكی تەنها !
لەبۆنی هەڵكردنی ( با )یەك
وەختێك هەڵدەكا ،
لەبێزاریاو
لەدڵتەنگییا !
تۆ ... كاتێك دێیت !
بۆنی تە پوتۆزی مناڵیمت لێ دێت ،
بەرلەوەی ...،
هەڵبێم و
بەئاسمانەوە بنوسێم !
ڕەنگی ئەو جانتایەمت گرتووە ،
كەبەر لەمانەوەم ، لەئاسمانا
پڕم كردبوو ...،
لەیاسەمین و
لەبەهـــێ !
تۆ ... كاتێك دێیت !
پڕم دەكەیتەوە لەئاوەدانی و
تـــەلیسمی ،
ئەو بێدەنگی و
تەنهاییەم ... دەشكێنی ،
كەعـــومرێكە ...،
پێیانەوە ئالوودەم !
كۆمەكمكە ،
ئەی كەسێك ... كە پڕیت لەوتن ،
لەناو قەرەباڵغی و
درەوشانەوەی ،
ماڵی ئەم ئەستێرانەدا !

کەخودا ...،
فریوی داون ... بە پیرۆزی !
کۆمەکمکە ،
ئەی شاعیری ... لەڕادەبەدەری فڕین !
پڕمکە لەگومان !
دڵنیبیایم لێرە ،
مانای مردنە ... لە پەراوێزی وجودا !
پەلکێشی ناوباخێك ڕاڕایی و
دوورگەیەك دوودڵیمکە !
بمخە سەر کەڵکەڵەی ،
ڕازی نەبوونم ... بەم ئاسودەییە !
کۆمەکمکە ،
ئەی موسافیری ... سەر زەمینی دڵڕەق !
جەنگێك هەڵگیرسێنە ،
دژ بەبێمانایی ئەم درەوشانەوەیەم ... لەخۆڕا !
گڕ لەنورم بەردەو
فێرمکە ،
شەڕ بەبەرینی ئاسمان و
وەستانی ،
لەجێی خۆیی ئەستێرەکان ... بفرۆشم !
کۆمەکمکە ،
ئەی موسافیری پڕ لەیەئس ،
بەشینایی ئەم ئاسمانەوە !
کۆمەکمکە !
وای ... خودایە !
لەنێو چوارگۆشەی قەدەرما ،
مانەوەو ڕۆیشتنم ...،
چ هاوکێشەیەکی سەیرە !
سەیر وەکو ...،
ژماردنی ،

خاڵ بەخاڵی سەرباڵی ڕیشۆڵەیەك !
کەبەر لەتەواو بوونی ،
مناڵێك بەدەم فیکەوە ... هەڵیدەفڕێنێ !
ڕەنگکردنی ،
قەترە بەقەترەی دەریایەك !
کەبەر لەڕەنگکردنیان ،
شە پۆڵێك بەدەم خەیاڵەوە ... دەیانشواتەوە !
هەڵدانەوەی ،
لا پەڕە بەلا پەڕەی کتێبێك !
کەبەر لەلێبوونەوەی ،
( با )یەك بەدەم لوورەوە ... پێت تێك ئەداتەوە !
وای خودایە ... وای !
ئیدی چارەم نییە ،
دەبێ هەر بڕۆم و
خەیاڵیشم ،
وەك سەوڵێکی بریندار ،
پەلکێشی ناو دەریام ئەکاو
ئەمسپێرێ ... بە ئاو !
پێشم ئەڵێ :
سەفەر ... تەڕبوونە بەگوناە !
سەفەر ... خوسانەوەی خۆتە لەناوخۆتا !
خەیاڵم پێم ئەڵێ :
لەکۆتایی ئەم سەفەرە ئاوییەدا ،
دەگەیتە نوختەیەکی "شین" !
"شین" ... ئەو شوێنەیە ،
کەلەنێوان ...،
دەستڕێژی ئاوو
دەستڕێژی ئەستێرەدیا ،
ڕەنگە بمریت !
یان ...،

ڕەنگە ... خۆت بکوژیت !
خەیاڵم پێم ئەڵێ :
کۆتایی ئەم سەفەرەت ... بەجەنگ دێت !
جەنگێك ..،
درێژخایەنتر لەجەنگەکانی سەر زەمین !
جەنگێك ..،
پڕماناتر لەشەڕەکانی مرۆڤ !
جەنگێك ..،
بەبێ شەهید !
بەبێ دیل !
بەبێ دەنگەدەنگ و
بەبێ زیان !
جەنگێك ..،
کەس تاوانبارو
کەسیش ،
بێ تاوان نییە !
خەیاڵم پێم ئەڵێ :
ئێمە دەبێ بڕۆین و
دەشزانین کۆتایی ئەم ڕۆیشتنەمان ،
بەجەنگێکی "شین" دێ !
جەنگێك ..،
"شین شین" !
بەئەندازەی ڕەنگی دەریاو
بەئەندازەی ڕەنگی ئاسمان !
لەوێ ..،
لەناو ئەو جەنگەدا ...
دەبێ باوەڕبهێنین ،
بەکۆتایی ئاسمان و
بەکۆتایی دەریا !
لەوێ ،

لەناو ئەو جەنگەدا ...
جارێکی دی باوەڕدێنی بەوەی ،
دەریا ..،
ئیدی لەوێوە دەست دەکات بەڕۆیشتن و
شە پۆل ئەدا !
ئاسمانیش ..،
ئیدی لەوێوە دەست پێدەکا و
هەڵدێ !
خەیاڵم دەڵێ :
کۆتایی ئەم سەفەرە شینەمان ..،
دەمانگەیەنێتە لێواری ،
مەرگی دەریا و
زیندووبوونەوەی ئاسمان !
کۆتایی ئەم سەفەرە شینەمان ..،
دەمانگەیەنێتە لێواری ،
مەرگی ئاسمان و
زیندووبوونەوەی دەریا !
من هەردەڕۆم و
ناگەمە ئەم جەنگە !
من هەرلەسەفەردام و
ناگەمە ئەم نوختەی بەیەکگەیشتن و
پێکدادانە !
دەشبینم خەیاڵم ..،
تەڕ تەڕ ،
لەکەڵکەڵەی گەڕانەوەدایەو
پێم دەڵێ :
کۆمەکمکە ،
ئەی مرۆڤی تەڕ ... بەسەر ڕووی دەریاوە !
کۆمەکم کە ،
ئەی گەڕیدەی "شین" ... بەژێر چەتری ئاسمانەوە !

کۆمەکمکە !
کۆمەکمکەو
فێرمکە ..،
چۆن بکەومەوە ،
سەر خەیاڵی ژیان ؟
فێرمکە ..،
چۆن دڵخۆش ئەبم ،
بەجریووە جریووی چۆلەکەو
بەسەوزبوونی دەنکێك چوالە ؟
چۆن دڵم ئەکرێتەوە ،
بەهەڵکردنی چرایەك ،
لەژوورێکی تاریکاو
بەهەڵوەراندنی هەنارێك ،
لەعەسرێکی درەنگا ؟
کۆمەکمکەو
فێرمکە ..،
چۆن دڵئارام ئەبم ،
بەئاودانی باخچەو
بەگولآو پرژێنکردنی ماڵ ؟
چۆن دڵم ئۆقرە ئەگرێ ،
بەتامی ترشی بۆڵێك بەرسیلەو
بەلەرینەوەو بۆنی چە پکێك گوڵ ؟
کۆمەکمکەو
فێرمکە ..!
ئەی مرۆڤی سەرزەمینی دڵبەرد ،
بەشینایی و
قوڵایی ،ئەم دەریایەوە !
کۆمەکمکە !
من دەڕۆم و
دڵم عادەت ناگرێ ،

**بەم سەفەرەوە !**

**کۆمەکمکە ... ئەی دڵ !**

**من دەمێنمەوەو**

**خەیاڵم نانوسێ ،**

**بەم مانەوەیەوە !**

**کۆمەکمکە ... ئەی خەیاڵم !**

**من دەژیم و**

**تەنهایم نەفەس ناکێشێ ،**

**بەم ژیانەوە !**

**ئەی تەنهایم ،**

**کۆمەکمکە !!**

مانگی (٤ بۆ ٧ / ٢٠٠٦)

سلێمانی